# با بەدەنگی هەمووان ژنە کورد " سادات قەرەبلۆت " بگەیەنینە پەرلەمانی هۆلەندی



14

**عەلی مەحموود محەمەد**

Alimahmud2001@yahoo.com

ترسی ئەوەم هەیە لە هۆڵەندەش وەکو سوید , پارتە کوردییەکان , دەنگی کوردەکانی دانیشتوی ئەم وڵاتە بەهەدەر بدەن , نازانم تاکو چەند کوردەکانی ئەوروپا لە کاتێکدا دەبینن پارتێکی سیاسی هەموو ئیمتیازاتەکەی لێ دەسێنێتەوە , لە بیمەی بێکاری و تەندروستی و ... کەچی ئامادەیە , بە بڕیاری پارت و بەرپرسەکەی دەنگی پێ بدات , کە لە لایەکەوە دژ بە مافە کەسایەتیەکانی خۆیەتی , لەوەش گرنگتر لە هەمبەر کورد سیاسەتێکی هەلپەرستانەو ترسنۆکانەی هەبێت .

لە وڵاتی سوید پارتە کوردییەکان دەیان کەسیان پاڵاوت , لەسەر یەك پاڵێوراوی یەکگرتوو ڕێك نەکەوتن , لە دوایدا هەموو دەنگەکانیان فەوتاند , لە کاتێکدا کورد مافی خۆی بوو دوو کورسی و نیو بەدیەست بهێنێت , بە پێی ژمارەی لەو وڵاتە , بۆیە پێویستە ئەقڵ لەو شکستییە وەربگرین , لە داهاتوو لە سوید و هەموو وڵاتانی دیکە دوبارەی نەکەینەوە .

**لە هۆڵەندە 22ی ئەم مانگە, هەموو دەچین بۆ دەنگدان , لە ناو سەرجەم پارتە سیاسیەکانی هۆڵەندی , تەنها پارتی سۆسیالست جێگەیەکی گرنگ و گرنتی داوە بە خاتوونێکی کورد , بە پێی ڕاپرسیەکانی تاکو ئەم چرکە ساتە , ئەو خاتونە کوردە سەردەکەوێت و دەچێتە پەرلەمانەوە , لێ ئەگەر ئێمەش**

هەموو دەنگی بدەینێ , کورسیەکەی مسۆگەرتر دەکەین و پێگەی بەهێزتر دەکەین لە ڕیزی پارتەکەی , شانسی ئەوەی دەدەینێ لە خولەکانی داهاتووشدا پارتەکەی بێ دودڵی جارێکی دی بۆهەمان جێگە بیپاڵێوێتەوە .

لەم هەڵبژاردنە , وەکو کوردەکانی دانیشتووی هۆڵەندە , یەك پاڵێوراوی کوردمان هەیە, ئەویش خاتوو سادات قەرەبلووتە , بە بنەچە خەڵکی کوردستانی باکوور و شاری دەرسیمە , لێ بەشێك لە پارتە سیاسییە کوردستانیەکان , بەجیاجیا قەول و قەراریان لەگەڵ پارت و لایەنی سیاسی دەرەوەی پارتەکەی خاتوو سادات ڕێك خستوە , بە پێی ئەو بەڵێنانەی داویانە بەو پارتانە , بە کۆمەڵ دەنگ بدەن بە لیستەکانی ئەوان , ئیتر نازانم بنکەی پارت و کوردپەروەرانی دانیشتووی هۆڵەندە , لە **11-22 دەنگ بەم خاتوونە کوردە دەدن , یاخود ئەمجارەش پارتەکان دەنگی جالیەی کوردی وەکو لە سوید کردیان بەهەدەر دەدەن , لە کۆتاییدا دەست بەتاڵ لەم هەڵبژاردنەش دەرەچینە دەرێ .**

**ئەو پارتەی کە خاتوو ساداتی پاڵاوتووە , جگە لەوەی نزیکترین لایەنە لە خەونەکانی کوردەوە وەك نەتەوە , هاوکات داکۆکی کەرێکی سەرسەختیشە لە ژیان و گوزەرانمان , سەرکەوتنیان ستۆپ بە هێرشی باڵی ڕاستڕەو دەکات بۆ سەر ئاستی ژیان و گوزەرانی خۆمان و منداڵ و پیر و پوککەوتە و بێکارەکانمان , بۆیە چ لە بەرژەوەندی کەسی خۆمان و ماڵ و منداڵمان , چ لە بەرژەوەندی نەتەوەکەمان , پێویستە لە 11-22 هەموو پێکەوە دەنگ بە ژمارە 14 لە لیستی SP بدەین .**

**لە لیستی هەمان پارتدا , دوو دۆستی نزیکی دیکەی نەتەوەکەمانی تێدایە , ئەویش هاری ڤان بۆمڵ و خاتوو کریستایە , ئەو دوانەش بۆ زۆر لە کوردەکانی هۆڵەندە ناسراون , هەموو متمانەیەکمان پێیانە بە دڵسۆزییان بۆ دۆزەکەمان , هەموو کات لە سەنگەری گەلەکەمان و ژیانماندا بوونە , وەلێ بۆ ئەوەی دەنگمان لە هۆڵەندە بەرزتر و باشتر بێت , هەست بە بوونی خۆمان لەم وڵاتە بکەین , باشتر وایە پێکەوە ئەم خاتوونە دەرسیمییە ببەینە پەرلەمانەوە , تا ماڵ وەستابێت ئەوی دی حەرامە .**

**بۆ ئەوەی لە لێقەومان و ناخۆشیەکاندا , لە ئاستەنگی و مەینەتیەکاندا لە هۆڵەندا زووتر دەنگمان بە دەسەڵات و ڕایگشتی بگات , با هەموو پێکەوە بە دەنگەکانمان ئەم کورسییە بۆ خاتوو سادات مسۆگەر بکەین , بە دەنگەکانمان بیبەینە پەرلەمانەوەو پێگەی لەناو پارتەکەی بەهێز بکەین .**

**http://www.sp.nl/2006/concept-kandidatenlijst.shtml**
**http://kurdistannet.biz/2006/11-2006/9-11/jneki.pdf**